**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ٧/ ٥/٢٠١٣ بریارماندا بە دەرکردنی :-

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی٢٠١٣**

**یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس وکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

هەردوو بڕگەی (٥ و ٦)ی ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

(پێنجەم: شەهید: هەر کەسێك گیانی خۆی بەختکردبێت لە کاتی بەرخوودانی چەکداریی وەك پێشمەرگەیەك یان خەباتی سیاسی وەك بەرگری کردنێك لە مافی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دژ بە رژێمە داپلۆسێنەرە یەك لە دوای یەکەکان لە کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین دەکرێت:)

أ- شەهیدی سەنگەر: هەر کەسێك لە کاتی بەرخوودانی چەکداریی وەك پێشمەرگەیەك یان خەباتی سیاسی یان لە دەرئەنجامی هەردووکیان دژ بە رژێمە داپلۆسێنەرە یەك لەدوای یەکەکان وەك بەرگری کردنێك لە خاك و گەلی کوردستان، شەهید بووبێت.

ب- شەهیدی جینۆساید: هەر کەسێك شەهید بوو بێت لە ئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید لە کاتی تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یان جینۆسایدی بارزانیەکان یان کوردە فەیلیەکان یان هەر تاوانێکی تری ئەنجامدراو دژ بە پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لە کوردو تورکمان و کلدان سریان ئاشوریەکان و ئەرمەنەکان و ئەوانی تر.

جـ- شەهیدی هاولاتی: هەر کەسێك شەهید بوو بێت لە ئەنجامی کارە جەنگیەکان یان کارە تیرۆرستیەکان یان کۆچپێکردنی بەزۆرەملێ یان لە کاتی کۆچڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان یان کۆچپێکردنەکانی تر.

**شەشەم:** خانەوادەی شەهیدو ئەنفالکراو: هاوسەر یان هاوسەرەکان یان کوڕو کچ و دایك و باوك و براو خوشکی لەیەك دایك و باوك (أشقاء) و براو خوشکی لە یەك دایك و باوك نا ( غیر أشقاء) و هەر کەسێکی تر کە بە بڕیارێکی دادگەریی بسەلمێنێت کەوا کەسی شەهید یان ئەنفالکراو بەخێوی دەکرد یان ئەو بەخێوکەری شەهید یان ئەنفالکراوەکە بوو بێت).

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چوارەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** لێژنەیەك بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێك پێکدەهێنرێت، کە پلەکەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی بێت و ئەندامێتی چوار فەرمانبەری وەزارەت، کە پلەکانیان لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت، بە مەرجێك یەکێکیان یاسایی بێت، بۆ تێڕوانینی ئەو ناڕازیی بوونەی کە لە لایەن خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراواندا لە سەر ئەو بڕیارانەی لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگاکان دەردەکرێن پێشکەش کراون، وە بڕیارەکانی لێژنە بە زۆرینە دەردەکرێن و وەزیر پەسەندیان دەکات.

**دووەم:** ئەو لێژنەیەی لەسەرەوە پێکهێنراوە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- تێڕوانینی ئەو ناڕازیی بوونانەی کە لە لایەن خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراواندا پێشکەش کراون بەمەبەستی ئەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بیانگرێتەوە.

٢- هەرکەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مافی هەیە تەزەلوم بکات لە لای لێژنەی تایبەت لەو بڕیارەی کە دەریکردووە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی پێڕاگەیاندنی بە بڕیارەکە یان هەژمارکردنی بەوەی پێی ڕاگەیێنراوە.

٣- پێویستە لە سەر لێژنەی تایبەت وەڵامی تەزەلومە پێشکەشکراوەکان بداتەوە لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست رۆژ لە رێکەوتی پێشکەشکردنیان تێپەر نەکات.

٤- هەرکەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مافی هەیە پەنا بباتە بەر دادگاکانی باری کەسێتی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کەوا حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە پاش ئەوەی لێژنە بڕیار دەدات بە ڕەتکردنەوەی تەزەلوم ، وە پێشکەشکاری داواکاریەکە لە رسوماتی دادوەریی دەبەخشرێت.

٥- بڕیاری دادگاکانی باری کەسێتی شیاوی تانەلێدان دەبن لەبەردەم دادگای تەمییز لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە یان هەژمارکردنی بەوەی پێی ڕاگەیێنراوە.

**ماددەی سێیەم:**

هەردوو بڕگەی (دووەم و شەشەم)ی ماددەی پێنجەم لەیاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** ئەوانەی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی شەشەم دەیانگرێتەوە بریتین لە:

١- ژن و مێرد.

٢- کوڕو کچ: ئەگەر هیچ مووچەیەکی حکومی وەرنەگرن.

٣- منداڵی پەککەوتە: منداڵی پەککەوتە لەو مەرجەی لە بڕگەی (٢)ی سەرەوەدا هاتووە بەدەر دەکرێن.

٤- دایك و باوك.

٥- براو خوشك: ئەگەر هیچ مووچەیەکی حکومی وەرنەگرن.

**شەشەم:**

أ- منداڵ و براو خوشکی قوربانیانی جینۆساید لەو مەرجەی لە (٢)ی دووەمی سەرەوەدا هاتووە، تاوەکو لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە قەرەبوو دەکرێنەوە، بەدەر دەکرێن.

ب- منداڵی شەهیدی سەنگەر لەو مەرجەی لە (٢)ی دووەمی سەرەوەدا هاتووە، بەدەر دەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یەکەم: خانەوادەی شەهیدی سەنگەرو قوربانیانی جینۆساید دەبنە خاوەنی ئەم ماف و ئیمتیازاتانەی خوارەوە:

١- هاوسەری شەهیدی سەنگەرو قوربانیانی جینۆساید مینحەیەکی دارایی و پارچە زەوییەك یان یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان بەم شێوەیەی خوارەوە پێدەبەخشرێت:

أ- شەهیدی ڕەبەن، ئەوا یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوییەکە بە ناوی باوك و دایکی یان بەناوی یەکێکیان لە کاتی مردنی ئەوی تر، تۆمار دەکرێت.

ب- شەهیدی ڕەبەنی باوك و دایك مردوو، ئەوا یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوییەکە بەناوی براو خوشکەکانی تۆمار دەکرێت.

جـ- شەهیدی خاوەن هاوسەر ئەگەر منداڵی نەبێت، ئەوا یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوییەکە بە ناوی هاوسەرو باوك و دایکی، یان یەکێکیان لەکاتی مردنی ئەوی تر، تۆمار دەکرێت.

د- ئەگەر شەهید هاوسەرو منداڵی هەبێت، ئەوا یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوییەکە بە ناوی هاوسەرو منداڵەکانی تۆمار دەکرێت.

٢- ئەگەر شەهید زیاتر لە یەك ژنی هێنابێت، یان ئافرەتێکی شەهید زیاتر لە جارێك شووی کردبێت، ئەوا ئەوەی لە کاتی شەهیدبوونی کەسی شەهید پەیوەندی هاوسەرگیریی لەگەڵدا مابێت و بۆ منداڵەکانی لەم شەهیدە یان بۆ منداڵەکانی شەهید لەو هاوسەرەی بەر لە شەهیدبوونی کۆچی دوایی کردووە یان لێی جیابۆتەوە، ئەوا هەمان ماف و ئیمتیازاتی بڕیاردراو لەم یاسایەیان دەبێت.

٣- ئەگەر لە یەك خێزانێکدا زیاتر لە شەهیدێك هەبێت، ئەوا دابەشکردنی ئەو شایستانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- ژن یان مێرد و منداڵ و باوك و دایك سەرجەم شایستەکان وەردەگرن لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایە.

ب- هەر یەك لە براو خوشکی شەهیدی سەنگەرو شەهیدی هاوڵاتی بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە، بە جیا شایستەکان وەردەگرن.

جـ- ئەگەر هەردوو باوك و دایك شەهیدی سەنگەر بن یان شەهیدی هاوڵاتی، ئەوا منداڵەکانی شەهید شایستەکانی یەك شەهید وەردەگرن بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (پێنجەم)ی ئەم یاسایە.

د- سەرباری ئەوەی لە بەندی (٣)ی سەرەوەدا هاتووە ئەگەر لە خێزانەکەدا یەك کەسی شایستە مایەوە، ئەوا شەهیدانەیەکی بۆ سەرف دەکرێت.

**دووەم:** هەردوو بەندی (٤، ٨)ی بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم لەیاسەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە ئەوەی دادێت جێگەیان دەگرێتەوە و، بەندی (٣) هەمواردەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(٣- پێویستە لەسەر حکومەت روفاتی شەهیدو ئەنفالکراو لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بهێنێتەوە بۆ جێگەی نیشتەجێبوونی خێزانەکەی و تێچوونەکانی ئەمەش لە ئەستۆ بگرێت).

(٤- ڕێژەی ٥٪ پێنج لە سەدی دامەزراندن لە پۆستە گشتیەکاندا بۆ منداڵی شەهیدان بەپێی یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی لە هەرێمدا، تەرخان بکرێت).

(٨- سەرفکردنی دەرماڵەی (هاوسەرێتی و منداڵ) بۆ ژن و مێرد و منداڵی شەهید بە ڕێنمایی کە وەزارەت دەریدەکات ڕێکدەخرێت).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
٢٩ /ئایار /٢٠١٣ ی میلادی

## هۆیە پێویستکارەکان

لە پێناو ئاسانکاری و مسۆگەرکردن و ڕێکخستنی گەیشتنی مافەکان بەو کەسانەی شایستەن لە خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی جینۆسایدو قەرەبووکردنەوەیان و کەمکردنەوەی نەهامەتیەکانیان، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.